# ڕاپۆرتێکی تایبەتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێو نەتەوەییAmnesty International

# سەبارەت بە ڕەوشی ژنانی زیندانی لەتورکیا

### وەرگێڕانی لە ئەڵمانیەوە عەباس باڵەك

بە زۆر ئەنجامدانی کاری سێکسی لەزیندانەکانی تورکیا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیادبوندایە. ژنە گیراوەکان لە هەر چین و توێژێک بن دوچاری زۆرلێکردنی سێکسی دەبن. بەتایبەتی ژنە کوردەکان کە لەبواری سیاسەتدا کاردەکەن ودژی دەوڵەت جموجۆڵیان هەیە. (س ی) نایەوێت ناوی ئاشکرا بکرێت لە **٢٤** تاکو **٢٧** سێپتەمبەری ساڵی **٢٠٠٣** لە بنکەی پۆلیسی ئەستنبۆل گیراوەو لەوماوەیەدا لەلایەن پۆلیسەکانی تورکیا بەزۆرکاری سێکسی لە گەڵدا کراوەو ئازاری گیانی دراوە بەزۆر دەمیان پێکردۆتەوەو تفیان تێکردوەو بە قژ ڕایان کێشاوە تەنانەت خواردن و خواردنەوەی لێ قەدەغەکراوە. بە چاو بەستراویەوە ناچاری دەکەن کە لەسەر زەوی ڕابکشێ و کاری سێکسی لەگەڵدا ئەنجام دەدرێت و دوایش ئاوی ساردی پێدادەکەن.

بەدەگمەن ڕێک دەکەوێت ئەو گومان لێکراوانە کەبەو کارە نامرۆڤایەتیانە هەڵدەستن بدرێنە دادگا. تا کارگەیشتۆتە ئەوڕادەیە کە ژنە پارێزەرەکانیش لەتورکیا لە خۆیان بترسن و لەلایەن هاوڕێکانیان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە سەرزەنشت دەکرێن کە بەکاری داکۆکی کردن لەقوربانیان هەڵدەستن.

بۆ نمونە سزادانی ژنە پارێزەر ئیرن کێسکین کە لەبواری یاساو داکۆکیکردن لەمافەکانی مرۆڤ لە تورکیادا کاردەکات. بۆماوەی ساڵێک لەلایەن ژوری پارێزەرانەوە سزادراو کاری پارێزەری لێ قەدەغە کرا.

لە **٢٦** فێبریوەری **٢٠٠٣**ٖ ڕێکخراوی لێبوردنی گشتی لەئەستەمبول ڕاگەیاندنێکی داو داوای کۆتای هێنان بەو دیاردەیە نامرۆڤانەیە دەکات کە لەلایەن پۆلیس و دەزگاکانی ئاسایشی تورکیەوە ئەنجا دەدرێت. وە لەڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بەچەند جاردووبارەبونەوەی ئەودیاردەیە دەکات.

بۆیە Amnesty International ڕێکخراوی لێبوردنی نێو نەتەوەیی لقی تورکیا داوای لە حکومەتی تورکیاکرد کە:

١. کاری دەستریژی کردنە سەر زیندانەسیاسیەکان و زۆرلێکردنی سێکسی ڕابگیرێت و تاوانباران و بکەرانی ئەو کارانە سزا بدرێن.

٢. دەمامکە دان و چاوبەستنی زیندانیان کۆتایی پێ بێت.

٣. ژنان دەبێت تەنیا لە لایەن ژنانەوە بپشکێنرێن و ڕوتکردنەوەی ژنان لەکاتی لێکۆڵینەوە قەدەغە بکرێت.

٤. بنکە پزیشکیەکانی تایبەت بە پشکنینی کچێنیەتی ژنان هەڵبگیرێن.

. **٥** گیراوەکان مافی داکۆکی کردن و پارێزەر گرتنیان هەبێت.

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت